YADNAMA

# یادنامە

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نیە.

ژمارە ١٨ی ئەیلول ٢٠٢٠ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.18, september 2020

## وێنەیەک لە مێژو



٤٠ ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕاگواستنی کوردانی فەیلی بە زۆرەملێیی لەشاری بەغدا و باشوری عێراق بەرەو کۆماری ئیسلامی ئێران. ساڵی ١٩٨٠ ی سەدەی پێشو دوای ئەوەی بەبڕیارێکی سەدام حوسێنی گۆڕ بەگۆڕ ناسنامەیان لە ٧٥٠ هەزار کوردی فەیلی سەندەوە و ناچاریان کردن واز لە ماڵ و ملک و کەلوپەلەکانیان بهێنن تەنها بە سەڵتی لەنێو چەندنێوەندێکی سەربازیداکۆکرانەوە وبەزۆرەملێ بەپێ و ئۆتۆمۆبیلی سەربازی و گەلابە لۆری بەرەو سنوری کۆماری ئیسلامی ڕەوانەیان بکەن. ئەو ڕۆژان ئاسایش و هەوڵگری ڕژێمی بەعس ماڵ بەماڵ بەگەڕەکاندا دەگەڕان و ماڵە کوردەکانیان نیشانی دەزگاکانی ڕژێم دەدا و ماڵ ملکیان تالان دەکردن بەزۆرەملێ دەخرانە نێو لۆری و گەلابەوەبردیانن لەنزیک سنوری کۆماری ئیسلامی دایان دەبەزاندن و ناچار دەکران بەپێ بچنە ناو ئەودیوی سنور. بۆنمونە بیرمە مقابەلەی ژنێکان کرد کەناوی شوکرییە حەسەن لەدایک بوی ساڵی ١٩٥٨ بودیگوت خێزانەکەیان کەبرێتی بون لە سێ براو خوشکێکی و دایکیان هەمویان بەرەو ئێران ڕەوانەکرد تەنها ئەم نەبێت چونکە مێردی بەکوردێکی شاری سولێمانی کردبو. (بورهان موستەفا کونجرینی لەعەرەبییەوە وەرگێڕاوە)

## دەستوور

کورد بە گشتی لە هەرکوێیەکی دنیا بێت لەم قۆناغەدا دەبێت پشت بە دەستوری ئەو وڵاتانە ببەستێت کە تێدایە و هەر لەوێوە کار بۆ بەهێزبونی پێگەی مافە گشتیەکانی خۆی بکات. بە تایبەت لە ئێیستادا هەمو ئەو وڵاتانەی، کە کوردی تێدایە دەکەوێتە سەر ڕێگای ئەو گۆڕانکاریانەی دەکرێت گۆڕانکاری خێرای بەسەردا بێت بە هۆی توندبونەوەی ململانێی چین و ئەمریکا. بە واتایەکی تر زەمینەی سەلماندنی کورد بە پلەی یەکەم لە دەستوری وڵاتاندا کە کوردی تیایە باشترین خەباتی ئەم سەردەمەیە و واقعیانەترین هەڵبژاردەیە. ئێستا لە تورکیادا سەرەتای گوشارێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ بێدەنگکردنی تفەنگ و کارکردن لەسەر دەستور و مافی نەتەوەکان. لە باشوردا دوای شکستی فەرمان ڕەوایی کوردی و لە ئێستادا پرسی مافەکانی کورد لە دەستوری عێراقدا بوەتە سەرکی ترین بژاردە ، بەرپرسیاریەتی ئەم گۆڕانکاریانەی عێراق بە پلەی یەکەم دەکەوێتە ئەستۆی پەرلەمانتارانی کورد کە بەدەر لە ململانێکانی ناو هەرێم بتوانن بە یەک پاکێج مافە دەستورییەکانی کورد لە دەستوری عێراقدا بچەسپێنن بە تایبەت مادەی ١٤٠.

پاڵپشتیکردنی کەمینە بۆ سازشکردن بە زۆرینە ل ٣

ساڵی کوردی، ساڵی ئاوێستا.. ناهیدە ڕەفیق حیمی ل ٤

جفرە و جیهاز و نهینی، پاراستنی. عوسمان عومەر.. ل ٧

سمێڵ با بڕ' لە نوسینی یەکەم وتار.. ل ١٠

بەسەرکردنەوەی شەهیدێک، سەرکەوتی جیهاز ل ١٤

# وێنەیەک لە مێژو (لانکەی شۆڕش‌وکوردایەتی) ئەشکەوتەکانی چەمی ڕەزان ساڵی ١٩٦٣

چەمی ڕەزان بەدووری 57 کم دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای شاری سلێمانی، هەروەها بەدووری 30کم دەکەوێتە بەشی باشوری رۆژهەڵاتی هاوینە هەواری دوکان، 17کم لەرێگەی سەرەکی نێوان شاری سلێمانی و هاوینە هەواری دوکانەوە دوورە . چەمی رەزان لەناو دۆڵێکی کراوە و فراوان هەڵکەوتووە. ناو دۆڵ وچەمەکە بەدارودرخت ورەز و باخ داپۆشراوە. لەبەشی رۆژهەڵاتی چەمەکە تاڤگەی پاڤێڵ لەبەرزایەک دێتە خوارەوە، لەبەردەم تاڤگەی پاڤێڵ ودەروبەریدا هەوارگەیەک لەشێوەی هـاوینەهەوار بەدیزاینێکی سەردەمیانە دروستکراوە.







**فەقێ ئەحمەد (١٦٤٩–١٦٧٠)**
**بابا سلێمان (١٦٧٠–١٧٠٣)**
**خانە پاشا (١٧٢٢–١٧٣١)**
**خالد پاشا (١٧٣٢–١٧٤٢)**
**سالم پاشا (١٧٤٢–١٧٥٤)**
**سلێمان پاشا (١٧٥٤–١٧٦٥)**
**محەممەد پاشا(١٧٦٥–١٧٧٥)**
**عەبدوڵلا پاشا (١٧٧٥–١٧٧٧)**
**ئەحمەد پاشا (١٧٧٧–١٧٨٠)**
**مەحموود پاشا (١٧٨٠–١٧٨٢)**
**ئیبراهیم پاشا (١٧٨٢–١٨٠٣)**
**عەبدوڕەحمان پاشا (١٨٠٣–١٨١٣)**
**مەحموود پاشا (١٨١٣–١٨٣٤)**
**سلێمان پاشا (١٨٣٤–١٨٣٨)**
**ئەحمەد پاشا (١٨٣٨–١٨٤٧)**
**عەبدوڵلا پاشا (١٨٤٧–١٨٥٠)**

# پاڵپشتیکردنی کەمینە بۆ سازشکردن بە زۆرینە



شلۆمۆ نکدیمۆن نوسەری ئیسرائیلی لە کتێبی دارمانی ئومێدی ئیسرائیلی و کوردەکاندا، گفتووگۆی نێوان کارمەندێکی مۆساد و کارمەندێکی ساواک دەگێڕێتەوە کە لەدوای پشتکردنی ئێران لە شۆڕشی مەلا مستەفای بارزانی دێت، لەوێدا دەڵێت: لەوکاتەی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لەسەر پشتی کورد کرا و ئێران هەموو جۆرە هاوکاریەکی لەکوردەکان بڕی و مۆڵەتێکی کەمی پێدان بۆ جێهێشتنی خاکی عێراق، بەرپرسێکی دەزگای مۆساد بە سەر سوڕمانەوە بە بەرپرسێکی گەورەی ساواک دەڵێت چۆن پشتتان کردە کوردەکان؟ بەرپرسەکەی ساواکیش پێی دەڵێت: لاوازی ئیسرائیل ئەوەیە سۆز و عاتیفە تێکەڵ بە سیاسەت دەکات، یارمەتیدانی کەمینە نابێ وەک ئامانج سەیر بکرێت، بەڵکو هۆکارێکە بۆ سازشکردن بە زۆرینە، هەروەها دەڵێت ئێوە لە بەریتانیاوە فێری بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەت نەبوون، دەبێت لەگەڵ کوردەکان وەک بەکرێگیراو مامەڵە بکەیت، کاتێک ئەرکەکەی تەواو دەبێت، چیرۆکەکەیشی تەواو دەبێت.

سیاسەتی پاڵپشتی کردنی کەمینە بۆ سازشکردن بەزۆرینە لەمێژە بەکارهاتوە لە جیهاندا، کوردیش بەشی خۆی بەزیادەوە زیانمەندی ئەم سیاسەتکردنە بووە، هەتا ئێستاشی پێوەبێت حیزبەکان ئەو سیاسەتە بەرانبەر یەکتری بەکار دێنن، ئێمەی کورد کە لە مێژووی گەلەکەمان بێ ئاگاین ئاساییە سەرسام بین بە مێژوو یان کەسایەتی بێگانە، زلهێزەکانی جیهان لە دێر زەمانەوە کوردیان وەک چەکێک بۆ دەستکەوتی خۆیان بەکار هێناوە، ئێستاشی لەگەڵ بێت تورکیا و ئێران و عێراق و ئەمریکا هەمان شتمان بەرانبەر دەکەن لە ڕێگەی عەمیلەکانیانەوە. کاتێک شای ئێران پاڵپشتی شۆڕشی کوردی دەکرد بۆ ئەوەی سازش بەعێراق بکات، کاتێکیش زانی عێراق ئامادەیە (شتل عەرەبی)، کەنداوی عەرەبی تەسلیم بکات، ڕێککەوتنامەی جەزائیری لەگەڵ سەدام حسێن واژۆ کردو وازی لە پاڵپشتی شۆڕشی کوردەکان هێناو بوو بەهۆی لەناوبردنی شۆڕشەکە.

ئێمەی کورد لەنەبونی دەزگای ستراتیژی نیشتیمانی و دەزگای ئەمنی و ئاسایش و پێشمەرگەی نیشتیمانی و سەرکردەی نیشتیمانیدا، بوین بە کارتێک بۆ وڵاتانی دراوسێ تا بەکەیفی خۆیان بەکارمان بهێنن، ئێستاش کە مستەفا کازمی هاتۆتە کوردستان خەڵکی پەیتا پەیتا هانای بۆ دەبەن، ئەوەش لە ئەنجامی شکستی دەسەڵاتدارانی کوردەوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام دەبێ بزانین ئەوەی لە لاوازیشدا وەری دەگرین ئەکرێت لە بەهێزیدا لێمانی بسێننەوە، ئێستا کازمی پێویستی بە کوردە وەک کوتلەیەکی بەهێزی پەرلەمانی، وە ئەیەوێت هەرچۆن بێت پاڵپشتی کورد بەدەست بهێنێت و پێگەی خۆی بەهێزتر بکات لە عێراقدا، هەرچەندە خاکی شیعەکان بەرووبومێکی جیاوازی بۆ کورد نەبووە و پێناچێت هەشی بێت، هیواداریشم ئەم سەردانە یاریەکی دیکە نەبێت بۆ سازشکردن بە زۆرینەیەکی تر لە عێراق! بەهیوام ئەم سەردانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، ببێتە هۆی بەخۆداچونەوەیەکی جدی و خێرای دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و بیرێک لە داهاتوی ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بکەنەوە، کە تەواو بێزارو ماندوو بوون لە دەستیان. لەکۆتایدا دەبێت ئەوە بڵێین و بزانین کە گەلی کورد، کورت نەبوەتەوە لە حیزبە سیاسیەکانیدا.

# ساڵی کوردی، ساڵی ئاوێستا

ناهیدە ڕەفیق حیلمی



وا ساڵی کوردی ساڵی ئاوێستا لە 11 هـ و 632م دەستی پێ کردووە. هەرچەندە لە هەمان سەرچاوەدا نوسراوە 11 هـ و 372 م. ئەم جیاوازییە لەوە دەچێت لەبەر ئەو جۆری لێکدانەوە بۆ، کە ئەم ساڵەیان پێ ڕێکخستووە درێژەی ئەوە کەس سەری لی دەرناکا لەبەر ئەوە لێرەدا هەر کورتە باسێکی ئەم ساڵ پێشکەش دەکەین بۆ ئەوە خوێندەوارە بەڕێزانەی ئەمەیان بەرچاو نەکەوتووە تابزانن ئێمەش ساڵی خۆمان و نوقمی خۆمان هەبووە ساڵی ئاوێستا قەمەری بووە و لە جیاتی 360 ڕۆژ هەر (354) ڕۆژ بووە دوایی چەند ڕۆژێکی بۆ زیادکراوە واتا تا (365) ڕۆیشتووە و 1-4 ڕۆژ.

چۆن ئەو 1_4 ڕۆژەیان حساب کردووە, دەڵێن هەر (120) ساڵ (30) ڕۆژ مانگێکیان خستۆتە سەر یەکێک لە مانگەکان، چونکە ئەم ساڵە بە مانگی نەورۆز دەستی پێ کردووە لەبەر ئەوە یەکەمین ساڵ مانگی نەورۆز بۆتە دوو مانگ ئیتر هەروەها یەک لە دوای یەک هەتا گەیشتونەتە ساڵی نۆهەمین لەبەر بەسەر هات ئیتر وازیان لەم ساڵە هێناوە و هی عەرەبییان بەکار هێناوە، بەڵام دەڵێن زۆر ماون، کە هەر بەکاریان هێناوە و حسابەکەشیان هەر کردووە. وەشانی بەکارهێنانی ئەم ساڵە کوردیەو مێژووی بە تەواوی دەرنەخراوە بەم جۆرە باس کراوە لە نۆیەمین ساڵدا. پادشیەتی ساسانییەکان لە سەردەمی یەزدی کورد پوری شەهریاردا کۆتایی هات لەو دەمەوە ئیتر تەقویمی عەرەبیان بەکار دەبرا، تەنها چەند دەستە کوردێکی نیشتیمان پەروەر و.. و دیسان دەڵێت، بەڵام سەرەڕای ئەویش لەبەر ئەو کارەساتە تاریخیانە لە تێکچوونی پادشایەتی یەزدی کوردیەوە 372م و11 هـ بەرامبەر ئەوەی لە سەرەتای باسەکەدا نوسراوە 632م، کە دایناوە بە ساڵی دەستکرد بە کارهێنانی تەقویمی یەزدی کوردی.

### مانگی کوردی

1. بەهار، نەوزرۆز: یەکەم مانگی ساڵی ئاوێستایە و ناوی خاکەلێوەشە (نیسان).

2.گوڵان، بانەمەڕ، شەستەباران (مایس).

3.جۆزەردان، بەختەباران، بارانبڕان (حوزەیران).

4.جۆخینان (تەمووز)

5.گەلاوێژ (ئاب)

6.میوەگەنان (ئەیلول)

7.ڕەزبەر،، هەوەڵپایز (تشرینی دووەم)

8.پوشپەڕ (تشرینی دووەم)

9.گەلاڕێزان (کانوونی یەکەم)

10.چلە، سەرماوەرز (کانوونی دووەم).

11.ڕێبەندان (شوبات).

12.ڕەشەمێ (مارت).

ئەوەی لە هیچ تەقویمی تردا، کە بەکارمان هێناوە تا ئێستا نەبووە لە هی یەزدی کوردی دا هەبووە ئەمەیە.

**ناوی ڕۆژەکانی مانگ:** لە ڕۆژگارنامەی کوردی دا ڕۆژانی مانگیش ناویان هەبوو: ناوی پێنج ڕۆژەکانی کۆتایی ساڵ ئەندگار بووە. ئەو مانگەش پاش ساڵ خراوەتە سەر یەکێک لە مانگەکان ناوی و هەریەک بووە.

**ناوی ڕۆژەکانی مانگ ئەمانە بوون:**

1. ئەزهوزد. 2.بەهمەن. 3.ئوردی بەهێشت. 4.شەهریوە سفندارمز. 6.خورداد. 7.مرداد. 8.دمیەئادر. 9.ئادر. 10.ئابان. 11.خورشید. 12.ماه. 13.تیر. 14.گش. 15.درمهە. 16.میهر. 17.سروش. 18.راشتە. 19.فەروەردین. 20.بەهرام. 21.ڕام. 22.با. 23.بەهدین. 24.دین. 25.ئارشنیک. 26.ئاشتاد. 27.ئاسمان. 28.زمیاد. 29.مهیر ئەسپەند. 30ئەمیزان. ئەم باسە زۆر کورتە جەند باسێکە لە گۆڤاری (هەتاو) وەرگیراوە لە ژمارە (9-13) جگە لە بەکارهێنانی هێندێک ئە جەندەی کوردی.

**پاشکۆی عێراق، ژمارە 156، ل7، ڕۆژی 23ی ئابی 1991**

## دیمەنی (7)...رەشەبای ژەهرو ئەنفال رەتڵی پارتیزانەکانی سورداش


ئابی 1990 عوسمان گێچینەیی یەکێک بوو لە پارتیزانە خاوەن ئەزمون و شارەزایانەی، لە رۆیشتن دا بروسکە ئاسا رێگاکانی دەبڕی،شارەزای هەموو رێچکە و تولە رێگاو سەراپا کون و قوژبنی ناوچەکە بوو بە 4 رۆژ ئەو دەستە پارتیزانەی لە پیرەمەگرونەوە گەیاندە بێترخێ، عوسمان گێچینەیی و غەریب هەڵەدنی لە و فە رماندە پارتیزانییە نمونەییانە بوون ،رۆڵی سەرەکی یان نواند بۆ گەیاندن و گەڕانەوەی مفرە پارتیزانەکانی سورداش،لە بێ ترخێ وە دوو رێگا هەبوو بۆ گەڕانەوە ،یەکێکیان دوورو درێژ بوو ،چەند رۆژێکی دەبرد، دەبوایە پارتیزانەکان بە دەشتی قەلادزێدا تێپەرن بۆ زەڵێ وقاسمەرەش،رێگاکەی تر بە یەک شەو لە رووبارەکە دەپەڕنەوە بۆ ئەو بەر بۆ بێتوش، بارەگای پارتیزانەکانی سەر سنووری لێبوو، ئەم رێگایەیان، مەترسی مەرگی تیا بوو ،رەبایەکانی سوپای عێراق لە بەرزاییەکانەوە دەیانڕوانی بەسەر رووبارەکەدا ،ئاوی رووبارەکەش هەستابوو، تەنیا بە وڵاخ دەتونرا لەم بەری ئاوەکەوە بپەڕنەوە بۆ ئەو بەر ،ئەوبەریش سنووری ئێران بوو بە سەربازگەو رەبایەو کەمینی پاسداران تەنرابوو ،پارتیزانێک رووی کردە سەرکەوتی جیهاز- لەو لاوە برۆ. ،سەرکەوت :-رۆحی من لە ئێوە زیاتر نییە، ،شەوەکەی ٢٩-١٠-١٩٩٠چوارکەس عوسمان گێچینەیی و سەرکەوتی جیهازو بەکر ئسێوی ،پارتیازانێکی ترماڵیان لە بێتوش بوو، لە بێ ترخێ بەرێکەوتن بۆ گوندی بێتوش ی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرکەوت بەریدی رێکخراوی سلێمانی وچەندین بەڵگەنامەی شاری پێبوو ،بەشێکی زۆری لە باری ئەسپەکەدا دانابوو ،چەند نامەیەکی تایبەتی بە سەرکەوت بوو بۆ کاک نەوشێروان مستەفا ئەمین ،ئەو شەوە زۆر ساردبوو ،دایکردە باران، هەردوو پارتیزان سواری ئەسپێک بوو سەرکەوت لە پشتی بەکر ئسێوی بوو، پێی راگەیاند کە نەترسێ ،ئەسپەکە بە مەلە دەمانپەڕیننەوە ،تەنیا تەوازن راگرە، گەر ئەسپەکە ئاویش بیبات ،خۆت فرێ نەدەیت ،ناتوانین رزگارت بکەین ،ئەسپەکان بەسەر ئاوەکەوە مەلەیان دەکرد ،تەنیا بەشێکی سەریان لەسەر رووی ئاوەکە بوو ،بەشێکی جەستەی پارتیزانەکان لە ناو ئاوەکە بوو سەروسنگیان لەسەررووی ئاوەکە بوو ،دیمەنی ئەو شەوەوە وباران و خورەی ئاوەکە و مەلەی ئەسپەکان تێکەڵ بە تر س و گومان بوو ،تا گەیشتنە ئەو بەری ئاوەکە ،بە جلە تەڕەکانیانەوە نیو سەعاتێک دوور کەوتنەوە ،بە شوێنێکی چەپەک لە نێوان رەبایەکانی عێراق –ئێران ،سەرکەوتی جیهازو بەکر ئسێوی بە هەنگاویان نا ،عوسمان و پارتیزانەکانی تر بەسواری وڵاخ گەیشتنە شوێنی دیاریکراو ،چەند قاچاخچییەک لەوێ بوون ئاگریان کردبووە ،پارتیزانەکان خۆیان وشک کردوە وپشویان دا ،بەکر ئسێوی رووی کردە سەرکەوتی جیهاز وتی :-ئێمە دوو ئەسپمان پێ یە ،لە رێگا ناوبەناو یەکێمان بەسواری دەبین ،دەبێت بە پێی رۆیشتنی وڵاخەکان هەنگاوبنێین، سەرکەوت وتی :من سواری ئەسپ نابم ،وتی :رێگا کە دوورەو ماندوو دەبیت ،وتی :-گەر هیلاک بووم پێت دەڵێم، وتی :شوێنێکی مەترسیمان لە بەردەم دایە ،پاسدارەکان لەوێ کەمین دادەنێن ،کوێرانە دەسرێژ بە هەر چوار دەوری خۆیان دا دەکەن ،هەفتەی پێشوو پارتیزانێکیان شەهید کرد . چەند سەعاتێک بە بەردەوامی هەنگاو خێرایان نا لە رێگا ناوی شوێنەکانیان بەسەرکەوتی جیاز دەوت ،یەکێک لە پارتیزانەکان دەستی بەرزکردەوە ووتی : – ئەو دیوی ئەو چیا بێتوشە ،عوسمان گێچینەیی و بەکر ئسێوی لە سەر ئەسپەکان بوون ،وەستان تا ئەسپەکان ئاویان خواردەوە ،

دابەزین و ڕەشمەی ئەسپەکەیان دا بە سەرکەوت و ئەو برادەرەی تر، سەرکەوت وتی من سواری ئەسپ نابم هەر بە پێ دەڕۆم، وتیان سواربوونی چی گەیشتین ،ئێمە بەسواری دەڕۆین تۆش بە دوامانا هەنگاو بنێ، ئەو شارەزابوو ،ماڵیان لە بێتوش بوو،چەند هەنگاوێکیان بڕی ،چەند تەقەیەک کرا ،لە ناکاو هاوارێک و چەند دەسرێژێک ئەو شەوەزەنگە کپەی هەژان ،پارتیزانە شارەزاکە وتی :-ڕێگاکەم لێتێک چووە ،ئێوەم بە هەڵە هێناوە، ئێرە جادەی ڕەئیسییە وە، ئەبێ بگەڕێنەوە، ئەوەی بەسەر ئەسپەکەوە بوو،غاری داو لە شوێنە دوورکەویەوە،لە چەند لایەکەوە دەسرێژیان ئاراستەی ئەو ان دەکرد ،سەرکەوتی جیهاز بە تەنیا مایەوە، لە بەر دەسریژەکان نەیدەزانی چی بکات ،ئەسپەکەش نەدەگە ڕایەوە ،سەرکەوت خەمی پێکانی خۆی نەبوو ،دەترسا ئەسپەکەی بە بەریدەکانی شارەوە لێهەڵبێت ،کارەساتێکی ناخۆش ڕووبدات ،هەر جڵەوی ئەسپەکەی بەرنەدا ،ڕەشمە ی ئەسپەکەی بەرو ئەو ئاراستەیە راکشا کە ئەوان بۆی هەڵاتن ،گوێ ی لە دەنگی پاسدارەکان بووبە لایت ئەو دەوروبەرە دەگەڕان ،هاواریان دەکرد ،دەسرێژی کوێرانەیان بە هەر چواردەوەری خۆیان دا دەکرد ،خۆی دایە لاپاڵێکەوە بۆ ئەوەی فیشەکەکان نەیگرنەوە ،لە ناکاو گوێ ی لە دەنگی بەکر بوو ،بە ئەسپایی دەیوت :سەرکەوت لە کوێی وەرە بەرەو لای من.سەرکەوت بە بینینی بەکر دڵی کرایەوە ،وتی کوا هاورێکەت وتم بەغار دان هەڵات ،وتیان :-چۆن ڕێگاکەت دۆزییەوە، وتی بە ئاراستەی ئێوە هەنگاوم نا ،پاریتزانەکەی تریش گەیشتە بێتوش،ڕووی کردە سەرکەوت، بەتەمانەبوونم بتبینمەوە، وتم شەهید کراوە ،ئەو ڕۆژەلای بیستون سابورا یی بوون لە بێتوش ،لە ١-١١-١٩٩٠ گەیشتمە قاسمە ڕەش.

## ڕۆژمێری ڕاپەڕین

**لە پرۆسەکانی ئەنفالەوە تا ڕاپەڕین لە خۆ دەگرێت هەر هەشت پرۆسەکەی ئەنفال، مانەوەی پارتیزانەکان لە تێکڕای ناوچەکانی گەرمیان، پیرەمەگروون، کەرکوک، شارباژێڕی تەخت و سەخت، کاروخ، باڵەکایەتی، سۆران، هەریر، هەولێر، ڕۆژهەڵات و دەشتی هەولێر، بادینان، چەمچەماڵ، کۆیە، خاڵخاڵان، بناری کۆسرەت، خۆشناوەتی، مەفرەزەی شاهۆ و براکانی، مەفرەزەی مەحموودی مامە عەزە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵە.. ڕێکخراوی سلیمانی، هەولێر، بادینان، ڕێکخستنەکانی کەرکوک. سووپای ڕزگاری کوردستان، لە سلیمانی، هەولێر، کەرکوک، شانەکانی برووسک و شاڵاو‌ـ لە تێکڕای کوردستان...**

**سەفەری مامجەلال بۆ دەرەوە و جەولە دبلۆماسیەکانی و گەڕانەوەی بۆ کوردستان و ، وتارە مێژووییەکەی لە زاخۆ ڕۆڵی ئێزگە لە ڕاپەڕیندا. ڕاپەڕینی تێکڕای شاروو شارۆچکەکانی کوردستان هەنگاو بە هەنگاو لە ڕانیە تا سلیمانی هەولێر بادینان کەرکووک.. کۆڕەو لە نوسيني ئازاد سەراوی**



# جفره و جیهاز و نهینی

پاراستنی عوسمان عومەر

گەر هەڵەکە بکرایە، ڕوداوێکی دڵ تەزێن دەبو شفرەکانی ی. ن. ک ئەوێ ڕۆژێ ببونە مۆتەکەو سەرئێشە بۆ دەزگاکانی گوێگرتنی ڕژێم و پسپۆرو شارەزایانی سەربازی موخابەرات و یستخباراتی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕ، هەرچی هەوڵیان بۆدەدا دەبوە بلقی سەر ئاو، زۆر ڕێگا دەگیرایە بەر بۆ وەدەستهێنانی ئەوەشیان بەدڵسۆزی تێکۆشەران و هاوڕێیانی عدد بێتەل شکستی بەپلانەکانیان دەهێنا... ئەوێ ڕۆژێ کاک بەختیار مستەفا بەرپرس و براگەورەمان شفرەکانی ئامادە دەکرد و بەندەش لەوەوە فێری زۆر شت بووم... ئەوەیان باسێکی دورو درێژە... ئەوەی مەبەستمە کاک بورهان عبدالرحمن (بورهانە ڕیشە) بە هیوای تەندروست باشی هاوڕێی ئەزیزم، ئەوکات عدد بێتەلی ت/٣٧ بوو، ئەوەی بۆگێرامەوە، لێرە دەیخەمە ڕوو: "پێش شەرەکانی دابان هەلاج لەگەڵ هێزێک بە سەرکردایەتی کاک فەرەیدون عبدالقادر کە ١٠٠ پێشمەرگە بوون، خۆیان ئامادە دەکەن بۆ داستانی دابان، لەوکاتەدا وەک بێتەلی مامجەلال و م.س بروسکەیەکمان داونەتێ. بێگومان زۆرجار بەهۆی پەلەپەلی و تەشویش و خراپی ئەنتینا و شوێنی بێتەل هەندێ لەژمارە شفرەکراوەکان لەلایەن بەرامبەرەوە بەهەڵە وەردەگیرا، ئەوەش جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی بروسکەکەی دوادەخست و عدد بێتەل لە خۆیەوە بۆی نەبو بە کەیفی خۆی ناوەڕۆک دارێژێ تا ژمارە هەڵەکانی چاک نەکرایەتەوە لەو کاتە کاک فەرەیدون تداخل دەکات، ووشەکە شارستێن بوە، بەلام لە شفرەکە ووشەی شار دەرچوە لەگەڵ س...ل... ی کە هەڵەکە لەوێ دابوە بە عدد بێتەلەکەی گوتوە کاکە ئێمە پێش ئەوە لەگەڵ مام و م.س کۆبونەوەمان کردوە و تاوتوێ زۆر بابەتمان کردوە لەبەرچاوگرتووە یەکێ لەوانە احتمالی کۆدیتای سەربازی، بۆیە فەرمان دەکات بچن تراکتۆر بەکرێ بگرن و بەخۆی و ١٠٠ پێشمەرگەوە خۆیان بکەن بەناو سلێمانی، بەلام کاک بورهان قەناعەت بەبیرو ڕاکەی کاک فەرەیدون ناکات و دەیەوێ هەڵەکانی بروسکەکە چاک بکاتەوە و ئێمەش بۆمان چاککردەوە، کە ژمارەکانی وەرگرتوە. بەهەڵەداوان بەدوای کاک فەرەیدون دەگرێ و دەیدۆزێتەوە ناوەڕۆکە ڕاستەکەی پێشان دەدات، کە بەخۆیی و ١٠٠ کەسەوە بچنە شارستێن نەک وەک بەڕێزیان تێیگەیشتبون سلێمانیە. بۆیە گەر ئەو هەڵەیە بکرایە خۆشی و هێزەکەش تیادەچون و دەبوە ڕوداوێکی دڵتەزین. نالێم کارەسات، چونکە کارەسات سروشتیە وەک بومەلەرزە، لافاو هەرەسی بەفر و هەندێجار دارمانی شاخێک یا ئەشکەوتێک دەگرێتەوە....

ی ئەیلولی ٢٠٢٠



## بیرەوەرییەکانم

ساتەکانی پێش (ڕاپەڕین) کاتێک ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسی درندانە پەلاماری دەوڵەتی کوێتی دا سەرەتای دەست پێ کردنی مەرگی بو، ڕاگەیاندنەکان و پەیوەندییە نیشتمانیەکانی جیهان دژی ئەو پەلامارەبون کەوتنە خۆیان بۆ دروست کردنی بەرەیەک دژی ڕژێمی عێراق، ئەم بەرەیەی دژی ڕژێم هیوایەکی بەخشیە کۆمەلآنی خەڵکی عێراق و بە تایبەتی گەلی کوردستان . بۆ ئەم مەبەستەش سەرکردایەتی (ی . ن . ک) هەر وەک کارە سەرکەوتوەکانی تری زۆر ئازایانە و هەست کردن بە ئەرکە مێژوویکان کەوتنە کۆبونەوەی چڕ و بەردەوام، دارِشتنی نەخشەیەک بۆ ڕاپەڕاندنی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان کە ئەم بیرۆکەیە لە لایەن بەڕێز کاک (نەوشیروان)ەوە بو، کارەکانی نەخشەکەش پەیوەندی کردن بە لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی و تا چەند ئەتوانن بەشدار بن و بیرو بۆچونیان، سەرلە نوێ ڕێکخستنەوەی ڕێکخستن و لە نزیکەوە کارکردن لە ڕێگەی پارتیزانەکان و چەند کادرێک، هەروەها پەیوەندی کردن بە کەسە خاوەن بنەماکۆمەلآیەتیەکان و موستەشارەکان بۆئەم مەبەستە بیرمە کاک نەوشیروان زۆری کاتەکانی لە زە لێ تەرخان کردبو بۆ سەرکەوتنی کارەکان و بینینی ئەو کەسانەی مەبەستن بۆ کارەکان . لەدوای دارشتنی بەرنامەکە کاک نەوشیروان و کاک فەرەیدون چونە لای پارتی بۆ ئاگادارکردنەوەیان، لەوە ئەچو بۆ ئەوان (پارتی) ئەم کارە ئاسان نەبێت و بە شتێکی زۆر سەرسورمان وەریان گرتبێت لە ئەنجامدا خۆشحاڵی خۆیان نیشان دابو وە ئامادەن کار بکەن . لە قاسمەرەش بوین کاک (دلێر سید مجید) لێپسراوی ئیدارەی مەکتەبی سیاسی بو (بەندەتان) وەکو کادرێک لە ئیدارە کارم ئەکرد . بۆ خۆئامادە کردن و چونەخوارەوەی پێشمەرگە بە نامەی

(م – س) بەڕێز پەیداویستیەکانم بۆ جێ بە جێ ئەکردن، وە زۆرێک لە چەکم دابەش کرد بەسەر ئەوانەی بێ چەک بون ئامادە بون بچنە خوارەوە . هێزەکانی یەکێتی دابەش کران بەسەر شوێنەکاندا، بۆ هەر شوێنێک ئەندامێکی (م – س) سەرپەرشتی ئەکرد . چەند ڕۆژێک پێش ڕاپەڕین هێزەکان نزیک بونەوە لە شوێنی مەبەست ئامادە باش بون بۆ (زەماوەند) . وە ڕۆڵی کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان پێوستە زۆر بەرز بنرخێنین و بیرمان نەچێت چۆن جێ دەستیان دیار بوو هەم بۆ هەڵمەت بردن و هەم بۆ هاوکاری کردنی هێزی پێشمەرگە. سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە قاسمەرەش مەقرەکانیان چۆڵ بوو هەموو هاتنە خوارەوە، تەنها ئێمە ماینەوە لەگەڵ کاک نەوشیروان و دوو برادەری (بێ سیم) چومە لای کاک نەوشیروان وتم منیش ئەمەوێت بچمە خوارەوە سەیرێکی کردم وتی کاک ئەکرەم ئێوە ئیدارەن کاری ئێوە دوای دەست پێ ئەکات بەیانیش کاک (مسعود) دێت ئەبێت لێرەبن .بروای پێهێنام بمێنمەوە وتم بەڵێ باشە . بەیانی بەڕێز کاک (مسعود) هات خۆی و هێزەکایان کە (4 تا 5) پاس بون منیش دابەشم کردن بەسەر مەقەرەکاندا، بۆجێگەی بەڕێزیشی لە ژورەکانی (م – س) مایەوە لە نزیکی کاک نەوشیروان و کە ژوورەکەی کاک (ملازم عومەر) بوو وە ڕۆژانە هەواڵی تازەو گۆڕانکارییەکانیان پێ ئەگەشت لە ڕێگەی بێ سیمەکەی خۆمانەوە، وە کەسێکی برادەرانی پارتیش لە بەشی بێ سیم بوو بۆ فێر بون لەکاری بێ سیمیدا بە تایبەتی جیهازی (ڕاکاڵ)، وابڕیار درابو لە دوای گرتنی کێوەرەش کاک کۆسرەت ئاگاداری کاک نەوشیروان بکاتەوەو لەگەڵ کاک مسعود بێنە خوارەوە، ئەو کات کاک کۆسرەت چەند ڕۆژێک

پێشتر ڕۆشتبو، پێش ڕۆشتنیان سکرتێرەکەی کاک مسعود هاتەلام وتی کاک ئەکرەم ئەمەوێت تۆزێک قسە بکەین وتم زۆر باشە منیش کاک دلێر م بانگ کرد کە ئەویش ئامادە بێت، وتمان فەرموو . وتی کاک مسعود ئەڵێت زۆر زۆر سوپاسیان ئەکەم ئەم چەند ڕۆژە ماندومان کردن دەست خۆشی لێکردین . ئێمەش پێمان وت زۆر ئاساییە ئەوە ئەرکی خۆمان جێ بەجێ کردوە بۆ زۆر خۆشحاڵ بوین بە هاتنتان . پێوستە بۆ بەرز ڕاگرتنی ئەم بیرەوەرییانە لە نزیکەوە کاک نەوشیروان بدوێت و بۆ ئەوەی بە هەڵە ئەم کارە مێژووییە باس نەکرێت و سیمای ڕاپەرین و جوانی سەرکەوتنەکەی کە بە خوێنی چەندان پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان نەخشێنراوە نەی شەوێنێت، وەهەر لێپسراوێک دوان بدات لەسەر ڕاپەرین پێوستە زۆر ئازایانە خۆی بدات لە ڕاستیەکان مێژوویەکی تازەیە ناتوانریت بە قازانجی لایەنێک یان مرامەکانی خۆی بە کاری بێنێت کەواتە زۆر گرنگە ئەوەی مێژوو نوسە چاوەکانی جوان بکاتەوە قەلەمەکەی ئازار نەدات کاتی خۆی بە فیرۆ نەدات هەرچی ڕاستیەکانە بە ئامانەتەوە بیگەنێتە ڕۆڵەکانی دوای خۆمان .

5 – 3 – 2009 (ئەکرەم محمد ئەمین)



## مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جاف

چیرۆکی مەسەلەی ویژدان، لە نووسینی شاعیر و ئەدەبیی کورد (ئەحمەد موختار جاف) لە ساڵانی 1926–1927 نووسراوە، تیایدا نووسەر تیشک دەخاتە سەر کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتی و کارگێڕیەکان لەو سەردەمە ، کە چۆن چینی ژێردەستە و جوتیاران چەوسێنراونەتەوە لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەکان لەلایەک، فەرمانبەر و دەست ڕۆیشتووە میریەکان لەلایەکی ترەوە، خوودی نووسەریش لە ژیانی خۆیدا لە خانەوادەیەکی بەگ پێگەیشتووە و ماوەیەکیش فەرمانبەری میری بووە. بۆیە لەم کتێبە زۆر بە جوانی دەچێتە ناو قوڵایی ڕووداوەکان، و ئەو گەندەڵی و فەساد و دزیە بەیان دەکات کە لەلایەن بەشێکی زۆری فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەوڵەت ئەنجام دراوە، یان چۆن پیاوانی ئاینی نەزانی و نەخوێندەواری خەڵکیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە هەل زانیوە، لە بەهەل زانینی نەزانی و خۆشباوەڕی و کەمتەرخەمی خەڵکی ئەو سەردەمە و بە ئیسوایشەوە، بە جۆرێک ویژدان و مرۆڤایەتی لە نێویاندا خاڵی بووە.

کێشەی زۆرینەی خەڵکی ژێردەستەی ئەو سەردەمە نەخوێندەواری بووە، بۆیە توانراوە زۆر بە ئاسانی لە خشتە ببردێن و ستەمیان لێ بکرێت، بە هەمان شێوەی ئێستاش لە جیهاندا و بە تایبەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان، دەبینین خوێندەوار زۆرە، بەڵام ڕۆشنبیریان نیە هەتا بتوانن لە ئاست مافی خۆیان بێنە دەنگ و بەرگری لە ستەمکاران بکەن. (نوسینی: بەرزان ئازاد)




## یادنامە YADNAME

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234

# 'سمێڵ با بڕ' لە نوسینی یەکەم وتار و مانیفێستی ژن دا'

د. ساماڵ مانیی



من وتم: دڵنیانیم لەبەکارهێنانی 'سمێڵ با بڕ'، لای ئەبەم. با لاییبەم، نازانم بۆ ئەو ڕۆژە وام نوسی؟ دڵشاد مەریوانی: نا لای مەبە. من خۆم پیاوم و جار وبار سمێڵ دائەنێم، ئەزانم ئیزعاجە. پێشمەرگەکانیش بەو ئیزعاجییە ئاشنان، ئەو وشەیەیان پێ خۆش دەبێت بیخوێننەوە، بە تایبەتی ئەگەر ژنێک بە تەعلیق نوسیبێتی. ماوەیەکی باش من خەریکی کورتکرنەوەی نوسینەکەم 'مانیفێستی ژن لە سیاسەتی کوردی دا' بووم لە سلەیمانی، ئەوە یەکەم نوسینم بوو بە شێوازی ووتاریی و مانیفێستی لەسەر پرسی ژن. پێشتر جار بە جار شیعرم دەنوسی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەڵام زیاتر بە کوردی، ئەو شیعرانە تەنها لە ماڵەوە بۆ خۆمان و لەناو هاوڕێیانی ڕێکخستن و پێشمەرگە دەخوێنرایەوە. زۆر زوو وازم لە نوسینی شیعر هێنا و هەموو گرنگیەکم دا بوو بە تێۆرییەکانی فەلسەفەی سیاسی و بیرکردنەوەی تیۆری و دیبەیتە سیاسیەکان، جارێکیتر نەچوومەوە سەر نوسینی شیعر. پێم وایە کورتکردنەوەی تێکستەکە زیاتر کاتی برد وەک لە نوسینەکەی. کاک/شەهید دڵشاد مەریوانی کە خوێندیەوە زۆری پێخۆش بوو، زۆریش هانیدام و یارمەتیدام بۆ ڕێنمایی کردن لە کورتکردنەوەی سەروو چل پەڕە نوسراوەکەم بێ ئەوەی خاڵە سەرەکیەکانی بقرتێت. 'مانیفێستی ژن لە سیاسەتی کوردی دا ' سەرەتا زیاتر لە(٤٠) پەڕە بوو، کورتم کردەوە بۆ بیست پەڕە بۆ ئەوەی لە شاخ نەڵێن زۆر دوورودرێژە، تا بڵاوی بکەنەوە لە نامیلکەکەیدا. لە ساڵی ١٩٨١ دا نوسیم و ناردم بۆشاخ بۆ بڵاوکردنەوە. بەڵام وەکو پێشتر لە وتاری ' لە داوێنی پرسی یەکسانی جێندەری' دا ئاماژەم پێکردوە، ڕایانگرت و بڵاویان نەکردەوە. ئەوە یەکەم نوسینی درێژ و گرنگ بوو بینوسم، سەرەتا هێندە زۆر بوو پەڕەکانی دەگونجا و دەکرا کتێبێک بوایە. دواتریش پاش کورتکردنەوەکەی بوو بە بیست پەڕە، دەکرا وەکو نامیلکەیەک بڵاوبکرایەتەوە. گەرچی زۆر کورتمان کردەوە، لەبەر گونجاندنی بۆ بڵاوکردنەوەی لە شاخ، بەڵام لەبەرچەندین هۆ، کە یەکێکیان لەبەر ئەوە بوو کەموکوڕیەکانی دەردەخست لە مانیفێستی/بەرنامەی

سیاسی بزوتنەوەی کوردی دا بە گشتی سەبارەت بە پرسی جێندەریی. پێم وایە و ئەگەری هەیە یەکێکیتر لە هۆکانی ڕاگرتن و بڵاونەکردنەوەی لەبەر ئەوەش بوبێت کە تێرمی 'مانیفێست' م لە سەردێڕەکەیدا بەکار هێنابوو، ئەوکات 'مانیفێست' تەنها بۆ نامیلکەی فەرمی حیزبی و سیاسی بەکاردەهێنرا. بەهەرحاڵ، گرنگ ئەوەیە کە ڕایانگرتبوو و بڵاویان نەکردەوە. ئەوکاتەی کە خۆم چووم لە ١٩٨٢دا، لە ناو کۆنفرانسی دووی کۆمەڵەدا نوسینەکەم جولاَند. ناوی 'کۆنفرانس' بوو، بەڵام هێشتا هیچ کۆنگرەیەکمان پێشتر نەکردبوو، لەبەر ئەوە گەرچی کۆنفرانسەکان ناویان کۆنفرانس بوو، بەڵام بە ریالیتی 'کۆنگرە' بوون، کۆنگرەی سەرکردەکان و ئەوانەمان بوو کە ڕێگە پێدراو بوین بۆ خۆ هەڵبژاردن بۆ سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەکە. لەوێ بە یارمەتی کاک نەوشیروان مستەفا ئەو نوسینەمم خوێندەوە و خستمە دیبەیتەوە لەناو سەرکردایەتی سیاسی کوردیدا.

ڕاستیەکەی، من ئەوسا نەمدەزانی مانای 'مانیفێست' واتە 'دەرخستن' یا دەرخستنی مەسەلەیەک یا ناوەرۆکێک، ئێستا دەزانم کە 'مانیفێست' لە زمانی ئینگلیزییەوە هاتوە و مانای دەرخستن دەگرێتەوە. پێم وایە نەک هەر من، بەڵکوو هەمووومان 'مانیفێست'مان بە مانای 'بەرنامەی سیاسی' بەکاردەهێنا و کەسمان نەماندەزانی مانی 'دەرخستن' دەدات. ئەوکات منیش هەروەکو هەموو بە مانای 'بەرنامە' بەکارم هێنابوو، بەڵام بە مانای بەرنامەی سیاسی لە پرسی جێندەردا. کە کات هاتە سەر ناردنی لە ١٩٨١ دا، ئیتر 'مانیفیستی ژن لە سیاسەتی کوردیدا' زۆر کورت بیۆوە و تەنها بیست پەڕە بوو.

وەک وتارێکی درێژ بوو و گونجاو بوو بۆ بڵاوکردنەوەی وەکو نامیلکە. بە مەبەست بە شێوازی نوسینی 'مانیفێستی حیزبی' م نەنوسیبوو کە بریتی بێت لە پێشەکی وچەند مادە و برگەیەک، چونکە مانیفێستی حیزبێک نەبوو. مەبەستم ئەوە بوو تایبەت بێت وتەنها یەک برگە لەخۆی بگرێت کە پرسی ژن/جێندەری بوو لەناو سیاسەتی کوردیدا، واتە ئیزافەیەک بێت لە ڕوونکردنەوە و دەستنیشانکردنی ئەوەی پێویست بوو بکرێت، ببێت بە پاشکۆیەک بۆ ئەو مانیفێستەی کە هەمانبوو.

جیاواز لە شێوازی نامیلکەی مانیفێستی حیزبی، ئەمەی من، ناوەرۆکەکەی بریتی بوو لە تێڕوانینێک بۆ ئازادی و بۆ مافەکانی ژن بە گشتی، لە سەر بنەمای پرنسیپەکانی فەلسەفەی سیاسی کە ئەوکات هەمووومان لە سیاسەتدا دەمانخوێندنەوە و باوەڕمان پێی بوو. هەروەهاش سەرنجێک بوو لەوەی کە دابین نەکرابوو، باس نەکرابوو بۆ ژن لە بەرنامە و ئیشکردنی حیزبە سیاسیەکانی کوردی باشوردا. واتە دەستنیشانکردن و باسکردن و پرکردنەوەی کەموکوڕیەکان بوو سەبارەت بە پرسی جێندەر لە کوردستان دا بە گشتی و بەتایبەتیش لە بەرنامەی سیاسی بزوتنەوەی سیاسی کوردیدا لە کوردستان. ئەڵبەت تێرمی 'جێندەر'م بەکارنەهێنا بوو و ئەوسا ئاشنا نەبووم بەو تێرمە، بەڵکوو لەبری ئەوە، تێرمی 'پرسی ژن' م بەکار هێنابوو.

ئەو تێکستە مانیفێستیەم بەگشتی کەموکوڕی لە مافەکانی ژن، وەکو پێویست تاووتوێ دەکرد. هەروەهاش

بەراوردکاری دەکرد، بە مەبەستی باشکردنی ژیانی مێینەی کورد، لەسەرزەمینی ڕیالیتی چۆنیەتی ژیانکردنی ڕەگەزی مێینە لە کوردستاندا. چاک لەبیرمە ووردەکاری ئەزموونی نادادپەروەری بەرامبەر ڕەگەزی مێینەی تیا بوو هەر لە قۆناغی منالیەوە هەتا قوتابخانە و گەورەبوونی و گەنجیەتی، پاشان هاتبوومە سەر باسکردنی کێشە و بێ بەرنامەیی بۆ بەشداری ژن لە سیاسەتدا. چونکە خۆم سیاسیکاربووم، نەچووبوم بەلای کێشەی جێندەریی لە پیشەکانیتردا جگە لە سیاسەت ، بەڵکوو سەرنجم بەتایبەت لەسەر چۆنیەتی بەشداریکردنی ژنی کورد بوو لە بواری سیاسەت دا. سەرەنجامەکەشی هەوڵێکی زۆر دڵسۆزانە بوو بۆ دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکان و ڕێنمایی کردن بوو سەبارەت بە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە پێویست بوو نەبێت لە تێڕوانینی جێندەریدا لە ناو بزوتنەوەی سیاسی کورد دا. داواکارییەکەی بریتی بوون لە پلان و بەرنامەیەک کە بە ڕای من پێویست و گرنگ بوو و دەبوایە بکرێت بە بەشێک لە بەرنامەی سیاسی و ئیشکردنی سیاسی بزوتنەوەی کوردیدا لەو کاتانەدا، واتە لە دەستپێکی هەشتاکاندا. پاش خوێندنەوەی نوسینەکەم- ناوەرۆکی نوسینەکەم- لە کۆنفرانسەکەدا، لەبیرمە هەندێک لە پێشمەرگە تێگەیشتووەکان لە بەشداربوانی کۆنفرانسە، لەدەرەوەی کۆنفرانسەکەشدا دیبەیتی زۆریان لەسەر کرد، هەندێک لەو دیبەیتەش لەگەڵ مندا بوو، هەندێکیان بەبێ من بوون و دواتر بۆیان دەگێڕامەوە. ئەوەی کە هەتا ماوەی ساڵێکیش مایەوە و دەماو دەمی دەکرد لەناو پێشمەرگەکاندا، تێرمی 'سمێڵ بابڕ' بوو، ئەو 'سمێڵ با بڕ'ەیان لەبیر نەدەچۆوە کە من لە پەرەگرافێکی وتارە مانیفێستەکەدا نوسیبوم و خوێندمەوە. ئەو پەرەگرافەم بۆ بەراوورد کردنی ئازادیەکانی پیاو و ژن بوو لە کۆمەڵگەدا بە گشتی. 'سمێڵ با بڕ' تەنها مانای 'سمێڵێکی پڕ' دەگرێتەوە و هیچیتر، کاک دڵشاد مەریوانی نەیهێشت لە کورتکردنەوەکەدا لایبەم، بۆ سەرنج ڕاکێشانیان هێشتمانەوە. تا ساڵێکیش دوای ئەوە پێشمەرگەکان هەر یەکترییان پێ بانگ دەکرد، بەتایبەتی کە دەیانویست سەربکەنە سەر یەکێک لە پێشمەرگە پیاوەکانی هاوڕێیان، بۆ خۆشیی بانگیان دەکرد 'ئا وەرە، سمێڵ با بڕ'. وێنەکە هی ئەوکاتەیە کە دەچووم بۆ کۆنفرانسەکە لە ١٩٨٢ دا و لەوێ 'مانیفێستی ژن لە سیاسەتی کوردی دا'م خوێندەوە. کراسێکی کوردی خاکی و شاڵێکی خوری خاکیم بەسەرشانەوە بوو، ئەو پۆشینەم نزیک لە بەرگی 'یەکپۆشیی' خاکیانەی پێشمەرگایەتیم بوو لە شاخ، بەڵام شەرواڵەکەی باوکم نەپۆشی ئەو جارە، لەبەر ئەوەی دەمویست زۆربەی ڕێگەکە بە ئۆتۆمبیل بگەم. چونکە پێشتر لە جاری یەکەممدا بۆ شاخ ماندوویەتی زۆرم بینی و ڕێگەکەم ناخۆش بوو. ئەمجارەیان لە قەڵادزێ وە ڕێمان گرتەبەر و دوای قەڵادزێش هەتا چەند گوندێکمان تێپەڕاند هەر بە جیپ (جێب) ڕۆیشتین، دوای مانەوەی شەوێک لە دێ یەکدا، خاوەن ماڵەکە وەک بەڵەد و وەکو وڵاخدار هەموو ڕێگەکە هات لەگەڵمان بۆ کۆنفرانسەکە، بەڵام بەشداری کۆنفرانسەکە نەبوو.



سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ئەمریکا بڕیاری دا دانوستان لەگەڵ شۆڕشگێڕە ڤێتنامیەکان بکات، داوای لێکردن وەفدێک بنێرنە پاریس بۆ ئەوەی هەردوولا ڕێک کەوتن ئەنجام بدەن و شەڕی نێوانیان ڕاگرن. شۆڕشگێڕەکانیش وەفدێکیان نارد کە چوارکەس بوون دوو ژن و دوو پیاو. دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لە باشترین هۆتێلی پاریس شوێنی حەوانەوەی بۆ ئامادەکردن. کاتێک وەفدەکەی ڤێتنام گەیشتە پاریس و لەفڕۆکەخانە دابەزین چەند ئۆتۆمبێلێک چاوەڕێ بوون بۆ ئەوەی بیانگەیەننە هۆتێلەکە، بەڵام وەفدەکە ڕەتیانکردەوە بەو ئۆتۆمبێلانە بڕۆن. وتیان ئێمە لەگەڵ ئێوە نایەین بەڵام لەکاتی دیاریکراو دێینە کۆبوونەوەکە. وەفدەکەی ئەمریکا سەریان سوڕما، سەرۆکی وەفدەکەی ئەمریکا لێ ی پرسین: باشە لەکوێ ئەمێننەوە؟ وتیان: ئەچینە لای خوێندکارێکی ڤێتنامی، لێرە سەرقاڵی خوێندنە. سەرۆکی وەفدە ئەمریکیەکە سەری سوڕما بوو بەم قسانە و وتی: ئاخر ئێمە باشترین شوێنی حەوانەوەمان بۆ دابین کردوون.... یەکێکیان لەوەڵامدا وتی: ئێمە لەدژتان شەڕ ئەکەین و لەسەر بەرد ئەخەوین و گەڵاو گیا ئەخۆین، ئەگەر سروشتمان بگۆڕین ئەترسین ویژدانیشمان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆیە لێمان گەڕێن. وەفدەکە لای خوێندکارێکی ڤێتنامی مانەوە و دواتر لەکاتی خۆیدا چوونە کۆبوونەوەکە و ئەنجامی کۆبوونەوەکەش چۆڵکردنی ڤێتانم بوو لەلایەن ئەمریکاوە.

**ئەوەی ویژدانی فرۆشت، وڵاتەکەی فرۆشتووە**

**مرۆڤ ئەتوانێت بە دڵی دەستکردەوە بژی..**

**ئەتوانێت بە نیو (سی)یەوە بژی...**

**بەڵام ناتوانێت بە نیو ویژدانەوە بژی...**

**نوسینی: عومەر شاوری**



هونەرمەندی شێوەکاری دانیمارکی (ئەنیتا ئەسپەندار) کە دۆستێکی گەورەی گەلی کوردە... ئەم پەیامەی بۆ گەلی کورد هەیە... کە بەراستی سەرنجی منی ڕاکێشا.. شانازی بە خاکەکەتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ خاکیان هەیە. شانازی بە مێژووتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ مێژوویان هەیە. شانازی بە سرووشتی وڵاتەکەتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ سرووشتیان هەیە. شانازی بە ئاڵاکەتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ ئاڵایان هەیە. شانازی بە سروودی نیشتمانیتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ سروودی نیشتمانییان هەیە. شانازی بە نووسەر و فەیلەسووفەکانتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ نووسەر و فەیلەسووفیان هەن. شانازی بە سەرۆکەکانتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ سەرۆکیان هەیە. شانازی بە قەڵا و بورجەکانتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ قەڵا و بورجیان هەن. شانازی بە مۆزەخانە و شوێنە دێرینەکانتەوە مەکە، چونکە خەڵکی دیکەیش وەک تۆ مۆزەخانە و شوێنی دێرینیان هەن. شانازی بەو ژنانەوە بکە، کە بەرگری لە جوانییەکانت دەکەن، چونکە تۆ ئەوانەت هەن و خەڵکی دیکە هێشتا پێی نەگەیشتوون. شانازی بە ژنانی کۆبانی، قەندیل، شەنگاڵ، ئامەد و شوێنەکانی دیکەتەوە بکە، چونکە ئەوانە نەک تۆ، منیش دەپارێزن، بەڵکو سەرجەم دنیا دەپارێزن. لە کتێبی خوێندنت ئەم پرسیارە زیاد بکە: (کێ دنیا دەپارێزێت؟). ئەمەیش وەڵامەکەیەتی: (ژنی کوردستان!). لەسەر دیواری ژوورەکەت، لەسەر مێزی نانخواردنت، لەسەر تەختەڕەشی خوێندنگەت، لەسەر پلێتی ڕێگەکانت، لەسەر جامی پاسەکانت، لەسەر شاشەی تەلەڤیزیۆنەکانت، لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانت، لەسەر شۆستەی شەقامەکانت، لە دەروازەی قەڵاکانت و لە هەموو شوێنێ ئەو پرسیارە بنووسە و وەڵامەکەی بۆ ئێمە جێ بهێڵە! وەڵامەکەی بۆ هەتاهەتایە جێ بهێ.

**وەرگێرانی (ئاراس وەهاب)**

# بە سەرکردنەوەی شەهید

هەمیشە داینەمۆی شۆڕش کۆمەڵێک کارەکتەری بەهێز و دڵسۆز دەبنە هێزی جوڵە ، تا ئەو ئاستەی ئەم هێزانە یەک دەگرن و دەبنە جوڵێنەری ڕەوڕەوەی مێژوو، پێشمەرگە و شۆڕش وەک دوانەیەکی بەهێزی شاخ لە قۆناغێکدا توانیان بەرگری لە شوناس و مانەوەی نەتەوەیەک بکەن.

زۆر سەختە نوسین یان قسە لە سەر هاوڕێ یەکی شەهیدت بکەیت، زۆرن ئەو هاوڕێ شەهیدانەی کە بەداخەوە لە بیرکراون، ئەمرۆ ساڵیادی هاوڕێ ی تێکۆشەرمان کاک عوسمان گێچینەییە، سەرەتا سەری ڕێزو نەوازش دائەنەوێنم لە ئاست گەورەیی ئەو شۆڕشگێرە نمونەییە و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، نامەوێت زۆر پیاهەڵدانم هەبێت بۆ کاک عوسمان ئەو بە جەستەیەکی برینداری کیمیاییەوە هە میشە لە خەبات بەردەوام بووە ئەو لە باتی پشودان ڕێگایەکی سەخت تری هەڵبژارد کە خەباتی پارتیزانیە، لە شەوی ٢٠/٢١-١٠-١٩٨٨ لە مەرزی هەرزنە یەکەم مەفرەزەی ڕەتڵی سورداش پەڕینەوە بە سەرپەرشتی شەهید غەریب هەڵەدنی و هاوخەباتی عوسمان گێچینەیی بووکە بەردەوامی پێشمەرگەی لێ مایەوە لە پیرەمەگروون.کاک عوسمان یەکێک بوو لەو پێشمەرگانەی کە زۆر شارەزای ناوچەکە بوو بوو کە بە خێراترین کات هاتو چۆی ئەکردو دەلیلی زوربەی مەفرەزەکان بوو بەتایبەتی لە کات ئاڵوگۆرکردندا، کاتێک ئێمە هاتینە پیرەمەگروون لە قاسمەڕەشەوە بۆ پیرەمەگروون بە ١٣ ڕۆژ گەیشتین، بەڵام کاتێک گەڕاینەوە لە گەڵ کاک عوسمان بە چوار ڕۆژ ئێمەی گەیاندەوە شوێنی مەبەست، کاک عوسمان یەکێکە لەو پێشمەرگانەی کە بیرۆکەی گەڕانەوەی بۆ ناوەوە بە پارتی زانی و مانەوەیان بەیەکجاری بنکەدانان لەناوجەرگەی دوژمندا خستە بەردەم سەرکردایەتی،ئەو یئەوەندە ئازاو چاو نەترس وگورجوگۆڵ بوو هەرگیز هەستت بەوە نەئەکرد کە ئەم تێکۆشەوەر خۆنەویستە بریندار بێت، ئەو لە خەمی برینداری جەستەی خاکەکەی بوو.

مردن لە پێناو ژیاندا ، خۆ تینو کردن لە پێناو تەقینی کانیەکدا ، خوێن ڕشتن لە پێناو سور بونی گوڵاڵەیەکدا، عوسمانێک تەمەنی خۆی بەخشیە نیشتمانیک تا تێدا هەست بە بونی خۆمان بکەین ، خەبات کردن لە پێناو بەرزی ئاڵا و شکۆمەندی نەتەوەیەک، گەر هەمو حیکایەتەکان بهێنیت هێشتا بە باڵای کاک عوسمان کورت ترە، هەمو دروشمەکان بهێنن هێشتا ناکاتە تایتڵی خەونی پێشمەرگەیەک، کاک عوسمان پیاوێک لە جوامێری لە پەنای باڵای بەرزی قەندیلدا،

پێشمەرگەیەک وەک بێستون بڵند ئازایەتی لە فەرهەنگیدا دەدروشایەوە ، ڕۆحێک دەبێتە کەپری ئاسودەیی بۆ هاوڵاتیبون، ڕۆحت شاد تۆ نەمردوی هەمیشە زیندووی لە دڵی ئێمەدا. عوسمان عبدوڵڵە قادر (ناسراو بە عوسمان گێچینەی) لەساڵی ١٩٦٣لە گوندی گێچینەی سەر بە بناری پیرەمەگرون لە دایک بووە. لەساڵی ١٩٧٩پەیوەندی کردوە بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، دوکان. لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە شاخ. لەساڵی ١٩٨٨ بەسەختی بریندار دەبێت بەچەکی کیمیاوی لە شانەخسێ. لە دوای شاڵاوی بە دناوی ئەنفال بەبریندای دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی جافاییەتی ناوچەی سورداش وەک پارتیزان ١٩ مانگ پارتیزان بووە. بەشداری بەرچاوی هەبووە لە ڕاپەڕینە مەزنەکە. ساڵی ١٩٩٤بەرپرسی هەواڵگری سلێمانی بووە.لەساڵی ١٩٩٦ فەرماندەی لەشکری تایبەتی شەهید هەڤاڵ جەبار فەرمان بووە. ساڵی ١٩٩٨ کراوەتە فەرماندەی فەرماندەی تایبەت، لە ساڵی ١٩٩٩ بەشداری کردووە لە خولی سەربازی فەرماندەییەکانندا.

لە ساڵی ٢٠٠١ بەهۆی کاریگەری چەکی کیمیاوی نەخۆش دەکەوێت دەنێرێتە دەرەوەی وولات بەمەبەستی چارەسەر وەرگرتن، چەندین نەشتەرگەری گەورەی لەووڵاتی نەرویج بۆ ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەداخەوە لە ٢٠١٨/١٠/٢ دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت و ماڵ ئاوای لە گەل و نیشتمان دەکات.

گێچینەیی لە ساڵی ١٩٩١ ژیانی هاوسەری پێک هێناوە لە گە ل نەرمین خان خاوەنی دوو کچ و کوڕێکە بەناوەکانی (کاڵێ و مینا و کارۆس).




**سەرکەوتی جیهاز**